# کێشە ئاوییەکانی نێوان میسرو سودان

**دڵشاد هەورامی**

**لەنێوان میسرو سودان، وەك دو دەوڵەتی دراوسێ، کێشەی ئاو هەیەو لەم ڕووەوە ئاو بەئامرازێکی گوشار بۆ سەر پەیوەندیی دوقۆڵیی نێوان ئەم دو وڵاتە دەژمێردرێ، یەکێ لەلایەنە گرنگەکانی ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە چۆنێتیی دابەشکردنی ئاوی نیلەوە هەیە لەنێوان میسرو سودانو لەم سەروبەندەدا مەسەلەی پەیوەندیی ئاوی نیل بەمەسەلەی پەرەپێدانی هەردو وڵاتەوە دێتە پێش.**

**ئەو رێککەوتننامانەی لەنێوان میسرو سودان بۆ رێکخستنی کاروباری دابەشکردنی ئاوی نیل مۆر کراون، دو خەسڵەتی تایبەتیان هەیە، یەکەم ئەوەیە کە ئەو رێککەوتننامانە رێککەوتننامەی هاوسەنگ نین، واتە بەجۆرێکی وا دانەڕێژراون کەبەرژەوەندیی هەردولا بەیەکسانی دابین بکەنو دووەم ئەوەیە کەزۆربەی ئەو رێککەوتننامانە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم دەگەڕێنەوە یاخود ئاسەواری سەردەمی کۆلۆنیالیزمیان پێوە دیارە، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە هەردو وڵات لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا بون. لەو رێککەوتننامانەدا سودان ئەلقە لاوازەکەی پێکهێناوەو هەمو جار بریتانیاو میسر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی سودان دابین کردوە.**

**هۆی هەوڵو کۆششی بریتانیا بۆ رێکخستنی کاروباری روباری نیل لەنێوان میسرو سودان بۆ سروشتی ئەرکە سیاسییەکانی بریتانیا وەك داگیرکەری هەردو وڵاتو بۆ بەرژەوەندییە ئابورییەکانی کەپێویستی بە سەقامگیریی بارودۆخی ئاو دەکرد، دەگەڕێتەوە.**

**لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێك بازاڕی لۆکە لەجیهاندا شڵەژانی تێکەوت، گوشارێکی زۆر کەوتە سەر هەر یەك لەمیسرو سودان کە بەچاندنی لۆکە بەناوبانگ بونو بریتانیا داگیری کردبون. لەم سۆنگەیەوە فشار خرایە سەر ئەم دو وڵاتە بۆ فراوان کردنی چاندنی لۆکە. وەك ئاشکراشە، چاندنی لۆکە پێویستی بەئاوێکی زۆرەو لەم سۆنگەیەوە پێویستیی بونی ئاو بە**

بەردەوامی لەوەرزی هاویندا بۆ چاندنی لۆکەو پێویستی کۆنترۆڵ کردنی لافاو, پێویستی بەوە کرد کەرێوشوێنێك بۆ پەرەپێدانو کۆنترۆڵ کردنی ئاوی روباری نیل بدۆزرێتەوە کەبۆ بریتانیاو میسرو سودان بەقازانج بگەرێتەوە[1].

پاش برانەوەی یەکەم جەنگی جیهان بیرۆکەی رێکخستنەوەی کاروباری روباری نیل سەری هەڵدایەوەو لەم سەروبەندەدا لەساڵی ١٩٢٠ دا کۆمیسیونی پرۆژەکانی نیل لەنوێنەرانی هندستانو بریتانیاو ئەمریکا پێكهاتو ئەو کۆمیسیونە وای دانا کەئاو پێدارۆیشتنی روباری نیل لەساڵێکدا خۆی لەقەرەی ٨٤ ملیار م$^3$دەداو سەبارەت بەمیسرو سودانیش وای دانا کەمیسر لە ساڵێکدا پێویستی بە ٥٨ ملیار م$^3$ هەیەو سودانیش دەتوانێ پێویستی خۆی بۆ ئاودێران لەئاوی نیلی شین دابین بکات[2]. لەوساوە, بۆچونی ئەم کۆمیسیونە، کەم تا زۆر, ئاسەواری خۆی لەسەر هەمو ئەو رێککەوتننامانەی ئاو بەجێ هێشت کەسودان مۆری کردن.

کۆمیسیونەکە لەو روانگەیەوە کەبڕی ئاوی نیل لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازیی هەیە, لەراپۆرتێکی هاوپێچدا وای دانا کەهەر زیادو کەمی یەکی ئاوی نیل بەسەر میسرو سوداندا دابەش دەکرێ. هەر ئەو ساڵە نەخشەکەی بریتانیا بۆ پەرەپێدانی ئاوی نیل راگەیەنراو ئەم مەسەلانەی گرتە خۆ:

١-کارئاسانی لەبواری پاشەکەوت کردنی ئاو لە سەر سنوری سودان- ئۆگەندە.

٢-دروست کردنی بەنداوی سەننار لە سوداندا بۆ ئاودێری کردنی ناوچەکانی خوار شاری خەرتوم.

٣-دروست کردنی بەنداوێك لەسەر نیلی سپی بۆ پاشەکەوت کردنی ئاوی لافاو لەهاویناندا بۆ میسر[3].

## چۆنێتیی دابەشکردنی ئاوی نیل لەنێوان میسرو سودان بە پێی هەردو رێککەوتننامەی ساڵانی ١٩٢٩و ١٩٥٩

ئامانجی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٩ سود وەرگرتن بوو لەئاوی لافاو بۆ ئاودانی پرۆژەی جزیرە کەتایبەت بوو بەچاندنی لۆکە. ئەم رێککەوتننامەیە درێژەپێدانی یاسایی هەمو ئەو رێککەوتننامانە بوو کەپێشتر مۆر کرابون[4].

لەم ڕێککەوتننامەیەدا هەوڵ درابو هاوسەنگییەك لەنێوان پێویستییەکانی سودان‌و مافە دێرینەکانی میسردا بەدەست بهێنرێ, ئەویش بەمجۆرە[٥]:

١-ئەو مافە بۆ سودان سەلمێنرا کە لەماوەی نێوان ١٦ی تەموزو ٣١ی کانونی یەکەم دا ئاوی روباری نیل بۆ خۆی گل بداتەوە بە مەرجێك لەماوەی نێوان ١ی کانونی دوەمەوە تا ١٥ی تەموز هیچ بڕێك گل نەداتەوە, بەهەڵاوێردنی راکێشانی ئاو بەترۆمپا بەپێی رێککەوتننامە کۆنەکەی ساڵی ١٩٢٥ کە, سەربار, رێی دابو سودان ١٤١ ملیۆن مەتر سێجا ئاو بۆ خۆی گل بداتەوە.

٢-تێیدا هاتبو کە لە١ی کانونی دوەمدا ئەو بڕە ئاوەی کەسودان بەترومپا وەری گرتبو, لەبەرکەوتەکەی کەم دەکرێتەوە.

٣-دەبوایە سودان پێش ١ی کانونی دوەمی هەر ساڵێك لیستێك بەبڕی ئەو ئاوە ئامادە بکا کە لەماوەی گل نەدانەوەی ئاودا, بەگوندی سەننناردا تێدەپەڕێ.

-پڕکردنی ئەنباری سەننار لەئاستی یەکەم دا (٤١٧,٢٠م) پێش ١٥ی تەموز دەست پێ دەکا.

-پڕکردنی یەکجارەکیی ئەنبارەکە لە٢٢ی ئۆکتۆبەرەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە ئاستی ٤٢٠,٧٠م لەیەکی کانونی یەکەمدا.

-پێویستیی رازی بونی حکومەتی میسر لەسەر ئەنجام دانی هەر پرۆژەیەك لەسەر روباری نیل‌و لقەکانی لەلایەن سودانەوە.

لەراستیدا ئەگەر لەم ڕێککەوتننامەیە ورد ببینەوە, بۆمان دەردەکەوێ کەئەم ڕێککەوتننامەیە هاوسەنگیی تێدا نیە, واتە ئەوەندەی لەقازانجی میسر دایە ئەوەندە لەقازانجی سودان دا نیەو بەم پێیە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەرژەوەندییە ئاوییەکانی میسری بەگونجاوترین شێوە دابین کردوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە رێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی گشتی لەڕوی یاساییەوە مافە بەدەستهێنراوەکانی میسری دەستەبەر کردوە سەبارەت بەئاوی روباری نیل‌و بەم پێیە حکومەتی میسر ئەوەی بەسەر سودانیدا سەپاند کەرازی بێ میسر بڕێکی زۆرتری ئاوی نیلی بەرکەوێ. لەم سەروبەندەدا لەکاتێکدا بەرکەوتی میسر لەئاوی نیل بە ٤٨ ملیار م$^3$ دیاری کرا, بەرکەوتی سودان تەنها ٤ ملیار بوو.

بەم پێیە, سودان بۆ میسر بایەخێکی ستراتیجیی پەیدا کرد, نەك هەر لەو روەوە کەئاوی نیل بەر لەوەی بگا بەمیسر, بە سودانیدا تێدەپەڕێ, بەڵکو

هەروەها لەو روەشەوە کەسودان بەپێی رێکککەوتننامە کە بوو بەو ولاتەی کەمیسر بەرکەوتی خۆی لەئاوی نیل تێدا پاشکەوت دەکا, ئەویش لەو روانگەیەوە کە لەو رێکککەوتننامەیەدا بیرۆکەی پاشەکەوت کردنی ئاو لەدەریاچە ئیستیوایی‌یەکان‌و نۆکەندی جۆنگلی چەکەرەی کرد.

رێکککەوتننامەی سالّی ١٩٢٩ لەو روانگەیەوە کەهاوسەنگی‌ی تێدا نەبو, هۆیەکی گرنگی کێشە ئاوی‌یەکانی نێوان میسرو سودان پێکدێنیٚ‌و بەبەردەوامی ئەو هەستەی لەلای سودانی‌یەکان دروست کردوە کەمیسر مافە ئاوی‌یەکانی زەوت کردون‌و لەقۆناغێکی هەستیاری مێژوی سوداندا هیچ بایەخێکی بەبەرژەوەندی‌یەکانی سودان نەداوەو میسری‌یەکانیش وەك بریتانی‌یەکان وەکو داگیرکەر هەلّسوکەوتیان لەگەلّ سودانی‌یەکاندا کردوە.

سالّی ١٩٥٢ حکومەتی میسر پلانی بۆ دروست کردنی بەنداوی ئەسوان دانا بۆ پاشەکەوت کردنی ١٥٦ ملیار م$^{٣}$ لەسالّێکدا لەئاوی نیل‌و هەر لەو سالّەدا ئەو مشتومڕە هاتە ئاراوە کەئایا بەنداوەکە یەکلایەنە لەلایەن میسرەوە دروست دەکریٚ یاخود بەدو قۆلّی (بەهاوبەشی‌ی میسرو سودان)و لەم سۆنگەیەوە بەشداربونی سودان لەوتووێژدا تا سالّی ١٩٥٤ دواکەوت. لەو ماوەیەدا مەسەلەی وتووێژ لەسەر ئاو لەگەلّ مەسەلەی جیابونەوەی سودان لەمیسر تێکهەلّکێشی یەکتری بون بەلاّم هەر چۆنێك بیٚ وتووێژەکە درێژەی کێشاو بەهیچ گەیشت‌و پچڕا. سالّی ١٩٥٥ دەست بەوتووێژ کرایەوە[٦].

سودان دەیویست دەستکاریی رێکککەوتننامەی سالّی ١٩٢٩ بکا چونکە ئەو رێکککەوتننامەیەی بەرێگر لەبەردەم پەرەپێدانی کشتوکالّدا دادەنا‌و بەهەمان پێودانگ سودان لاری‌ی هەبو لەنەخشەی دروست کردنی بەنداوی ئەسوان چونکە ئەو بەنداوە دەبوە هۆی ئەوەی کەبەشێکی خاکی سودان بکەوێتە ژێر ئاوەوە[٧].

سالّی ١٩٥٨ پەیوەندیی نێوان میسرو سودان گرژی‌یەکی زۆری تێکەوت‌و میسر بۆ تۆقاندنی سودان پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار برد. لەم جەنجالّەدا سودان لەهاوینی ١٩٥٩ دا یەکلایەنە, وەك ئاماژەیەك بۆ رەت کردنەوەی رێکککەوتننامەی سالّی ١٩٢٩, بەنداوی سەنناری دروست کرد[٨]. بەلاّم دواتر هەردولا گەیشتن بەرێکککەوتن‌و لە ٨ی تشرینی دوەمی ١٩٥٩ دا رێکککەوتننامەیەکیان مۆر کرد کەئەم خالاّنەی تێدا بوو[٩]:

١-نیۆنجی ئاو پێدارۆشتنی ساڵانەی نیل بە ٨٤ ملیار م$^{3}$ دانراو بڕی بەهەڵم بوو بە ١٠ ملیار م$^{3}$ و باقییەکەش بە ٧٤ ملیار م$^{3}$ . بەپێی دابەشکردنی بڕی ئاوەکەش, میسر ٥٥,٥ ملیار م$^{3}$ و سودان ١٨,٥ ملیار مەتر سێ جای لەساڵێکدا بەرکەوت.

٢-ئەگەر نیۆنجی ساڵانەی ئاوی روبارەکە زیادی کرد, هەردولا زیادە کە بەیەکسانی لەگەڵ یەکتریدا دابەش دەکەن و ئەگەر ئاوەکە کەمی کرد, ئەنجومەنێکی شارەزا لەمەسەلەکە دەکۆڵێتەوە.

٣-لەو سۆنگەیەوە کەسودان نەیدەتوانی بڕێکی زۆری ئاوەکە پاشەکەوت بکا, ئەو بڕە وەك ئەوە دانرا کەسودان ساڵانە لە ١٩٥٧ ـەوە بڕی ١,٥ ملیار مەتر سێ جای بەقەرز بەمیسر داوە.

٤-میسر رازی بوو ١٥ ملیۆن جونەیهی میسری بۆ بژاردنی زیان بەهۆی لافاوەوە بدا بەسودان.

خشتەی ژمارە (١)

بەکارهێنانی ئاوی نیل بەپێی وتووێژی ساڵی ١٩٥٦ (ملیار م$^{3}$ / ساڵ)

| هەڵوێست | بەرکەوتی میسر | بەرکەوتی سودان |
|---|---|---|
| داوای میسر (١) | ٦٢,٠ | ٨,٠ |
| داوای سودان (٢) | ٥٩,٠ | ١٥,٠ |
| بەپێی رێککەوتننامەی ١٩٥٩ (٣) | ٥٥,٥ | ١٨,٥ |

(١)بەپێی بۆچونی میسر, نیۆنجی داهاتی ساڵانەی نیل ٨٠ ملیار مەتر سێ جایەو نزیکەی ١٠ ملیارێکیش دەبێ بەهەڵم.

(٢)بەپێی بۆچونی سودان, نیۆنجی داهاتی ساڵانەی نیل ٨٤ ملیار مەتر سێ جایەو ئەوەی دەبێ بەهەڵم لەئەستۆی میسر دایە.

(٣)بەپێی رێککەوتننامەکە, نیۆنجی داهاتی ساڵانەی نیل ٨٤ ملیار مەتر سێ جایەو ئەوەی لێی دەبێ بەهەڵم لەئەستۆی هەردولا دایە.

سەرچاوە: الدكتور محمود الاشرم, اقتصاديات المياه في الوطن العربي والعالم, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت, ٢٠٠١, ص ٢٦٥.

لەم روەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەرێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩ ئەگەر چی لەرێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٩ باشتر بوو بەلام ئەم

ڕێککەوتننامەیە نەیتوانی کۆتایی بەکێشە ئاوییەکانی نێوان هەردو وڵات بێنێ بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە سودانییەکان هەست دەکەن ئەم ڕێککەوتننامەیەش, وەکو ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٢٩, زوڵمی لێ کردون و ئەوەندەی لەبەرژەوەندیی میسرە ئەوەندە لەبەرژەوەندیی سودان نیە.

## ڕۆڵی نیل لە پەرەپێدانی میسر

میسر بایەخێکی تایبەت بەڕوباری نیل دەدا بۆ دڵنیابون لەدەستەبەرکردنی ئەمنی خۆراك و بەدی هێنانی ڕێژەیەکی دیاریکراوی خۆبژێوی چونکە میسر بەبێ ئاوی نیل ناتوانێ پەرەپێدانی کشتوکاڵیی خۆی مسۆگەر بکات بەتایبەتی لەو ڕووەوە کەژمارەی دانیشتوانی میسر ساڵ بەساڵ بەرەو زیادبون دەچێ و لەگەڵ زیادبونی دانیشتواندا بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبێ. لەم سەروبەندەدا پێشبینییەکان وای بۆ دەچن کەژمارەی دانیشتوانی میسر لەساڵی ٢٠٢٥ دا دەگاتە ١٠٠ ملیۆن کەس. جگە لەوە, هەر یەك کەس لەمیسر دەوروبەری ٠,١٣٥ فەدانی لەسەرجەم خاکی چێنراوی میسری بەر دەکەوێ. ئەم بەرکەوتەش بە بەراورد لەگەڵ چەندین وڵاتی گەشەکردودا بە بەرکەوتێکی کەم دەژمێردرێ[10].

بۆ میسر نیل تاکە سەرچاوەی ئاوە بۆ کشتوکاڵ و لەم بارەیەوە ٨٠٪ تا ٩٠٪ ی داهاتی ئاوی بەردەستی میسر بۆ کشتوکاڵ تەرخان کراوە[11]. هەندێ لەراپۆرتە ڕەسمییەکانی میسر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەتوانادایە لەنێوان یەك ملیۆن تا ٢,٤ ملیۆن فەدان زەویی تر بکرێ بەکشتوکاڵ, ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەئەگەر بەچاکترین شێوە دەست بەئاوەوە بگیرێ و بەفیڕۆدانی ئاو کەم بکرێتەوەو بڕێکی باشی ئاوی ژێر زەوی دەربهێنرێ, دەتوانرێ بڕێك ئاو لەنێوان ٦,٧ ملیار م٣ تا ١٥,٧ ملیار م٣ بخرێتە سەر بڕی ئەو ئاوەی کە بۆ کشتوکاڵ تەرخان کراوە[12].

زۆربونی ژمارەی دانیشتوان بۆ میسر گیروگرفتێکی گەورەیەو لەم بارەیەوە چەند ژمارەی دانیشتوان لەمیسر بەرەو زیادبون بڕوا نەخشەکانی پەرەپێدان دوچاری گرفتی گەورەتر دەبن, لەم سەروبەندەدا پێشبینی دەکرێ ژمارەی دانیشتوانی میسر لەساڵی ٢٠٣٠ دا بەپێی ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ٢,٥ ٪ بگاتە ١٤٣,٦١٦,٠٠٠ کەس و بەپێی ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ٣,٨٪ خۆی

لەقەرەی ١٦٩,١٩٥,٠٠٠ کەس بدا[١٣]. چەند ژمارەی دانیشتوانیش زیاد بیێ, بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس ساڵ بەساڵ کەمتر دەبێ.

### خشتەی ژمارە (٢)

### زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لەمیسرو سودان لەساڵانی ٢٠١٠, ٢٠٢٠و ٢٠٣٠ (بە ١٠٠٠ کەس)

| وڵات | ساڵی | زیادبون بەپێی ڕێژەی ٣,٨ ٪ | | | زیادبون بەپێی ڕێژەی ٢,٥ ٪ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠١٠ | ٢٠٢٠ | ٢٠٣٠ | ٢٠١٠ | ٢٠٢٠ | ٢٠٣٠ |
| میسر | ٦٩٧٠٦ | ٩٣٦٧٩ | ١٢٥٨٩٧ | ١٦٩١٩٥ | ٩٠٩٨٦ | ١١٥٦٧٧ | ١٤٣٦١٦ |
| سودان | ٣٢٩٣٠ | ٤٣٤٠٣ | ٥٧٢٠٨ | ٧٥٤٠٢ | ٤٢٢٣٦ | ٥٢٨٥٤ | ٦٤٦٨٩ |

سەرچاوە:

واثق رسول آغا, الموارد المائية المتاحة والمسألة المائية في الوطن العربي, ورقة قدمت الى الندوة البرلمانية العربية الخامسة حول المياه العربية, دمشق, ١٩٩٨.

ساڵی ٢٠٠٠ بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس لەمیسر ٩٣٤ م³ لە ساڵێکدا, لەکاتێکدا ئەو بەرکەوتە لە ساڵی ١٩٩٠ دا بریتی بوو لە ١١٢٣ م³ لەساڵێکداو پێشبینی دەکرێ بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بەرکەوتی یەك کەس لەمیسر تەنها ٦٣٠ م³ بێ لەساڵێکدا[١٤]. ئەمەش بەو مانایە دێ کەمیسر کەوتۆتە ژێر ئاستی کەم ئاوی‌و لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەئاستی جیهانی‌ی بڕی ئەو ئاوەی کەپێداویستی‌یە ئاسایی‌یەکانی مرۆڤی پێ دابین دەکرێ بریتی‌یە لە ١٠٠٠ م³ لەساڵێکدا. بەم پێیە, بەپشت بەستن بەبۆچونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌ی خۆراك‌و کشتوکاڵ‌و بانکی نێودەوڵەتان, میسر یەکێ لەو وڵاتانەیە کەکەوتۆتە ژێر هێڵی هەژاری لەبواری ئاوداو لەم ڕووەوە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٤ ی بانکی نێودەوڵەتان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەبڕی ئاوی تازەوەبوو لەچەندین وڵاتدا لەوانە میسر بەڕێژەی ٨٠٪ لەپاشەکشە دایە.

لەم بوارەشدا زۆر گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەزیادکردنی ڕووبەری بەبرنج چێنراو لەمیسر بۆتە هۆی زیادبونی پێویستی‌ی کەرتی کشتوکاڵ بەئاوو لەم بارەیەوە ئامارەکان دەریانخستوە کەکەرتی کشتوکاڵ ساڵ بە ساڵ پێویستی بەئاو بوە.

بەپێی تازەترین مەزەندەکاریی میسرییەکان, میسر تا ساڵی ٢٠١٧ دەتوانێ ٣,٤ ملیۆن فەدان زەویی تر چاك بکاتەوەو بۆ کشتوکاڵ بەکاری بێنێ, لەو ٣,٤ ملیۆن فەدانە ٥٤٠ هەزار فەدان بۆ پرۆژەی توشکە تەرخان کراوەو ٦٢٠ هەزاریش بۆ پرۆژەکانی تری سەر لێواری دەریا بەڵام لێرە دەبێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشرێ کەئەم زیادکردنەی زەویی کشتوکاڵ پێویستی بە ٦,٧ ملیار م$^{٣}$ ئاو دەبێ[١٥]. بەڵام لەو روانگەیەوە کەچاندنی برنجو قامیشە شەکر برێکی زۆر ئاوی پێویستەو هەندێ لەلێکۆڵینەوەکان وای بۆ دەچن کە چاندنی ئەم دو بەروبومە ٢٥٪ ی داهاتی ئاوی بۆ تەرخان کراوە, ئێستا میسر کەوتۆتە ئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەژیرانە بەکارهێنانی ئاو لەوانە کەمکردنەوەی ئەو روبەرەیکە برنجو قامیشە شەکری لێ دەچێنرێ, پەرەدان بەدەرهێنانی ئاوی ژێر زەویو بەکارهێنانی دەورو بەری ١٢ ملیار م$^{٣}$ لەئاوی پاشەڕۆ[١٦]. لێرە جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەمیسر لەنێو وڵاتە عەرەبییەکاندا تاکە وڵاتە کەسود لەئاوی پاشەڕۆی کشتوکاڵ وەردەگرێو لەم بارەیەوە باسی ئەوە دەکرێ کەئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٦ دا دەورو بەری ٤٣٠٠ ملیۆن مەتری سێ جای لەئاوی پاشەڕۆی کشتوکاڵ خاوین کردۆتەوە[١٧].

## بایەخی نیل بۆ پەرەپێدان لەسودان

لەو روانگەیەوە کەسودان لەکاروباری کشتوکاڵدا سەرباری باران پشتی بەئاودێری بەستوە, بەتایبەتی لەدو هەرێمەکەی ناوەڕاستو باکورو هەندێ ناوچەی دو هەرێمەکەی رۆژئاواو رۆژهەڵات, نیل بایەخێکی تایبەت لەپەرەپێدانی کشتوکاڵ لەسودان پەیدا دەکا.

سودان لەهەوڵی ئەوە دایە روبەری چێنراو لە ٤,٥ ملیۆن فەدانەوە بکا بە ٩,٥ ملیۆن فەدان, ئەمەش بەو مانایە دێ کەسودان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە, لەساڵێکدا پێویستی بە ٤١,٨ ملیار م$^{٣}$ ئاو دەبێ, لەکاتێکدا هەمو بەرکەوتی سودان لەئاوی نیل ١٨,٥ ملیار مەتر سێ جایە, واتە ئەو برە ئاوەی سودان پێویستی پێیەتی نزیکەی ٢٣ ملیار م$^{٣}$ دەبێ لە ساڵێکدا[١٨], ئەمەش برێکی زۆرەو مەگەر تەنها بەدو رێگە دابین بکرێ, رێگەی یەکەم گلدانەوەی برێك لەو بەرکەوتەیە کەبەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩ بۆ میسر دیاری کراوە, ئەمەش بەپێی شیکردنێکی رونو ئاشکرای مافە مێژوییە بەدەستهێنراوەکانی میسرو خاڵەکانی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩ دادەنرێ,

ڕێگەی دوەمیش زیادکردنی توانای پاشەکەوت کردنی ئاوە. بەڵام هیچ یەکێ لەم دو ڕێگەیە ۲۳ ملیار م$^3$ ئاوی زیاد بۆ سودان دابین نا کا چونکە سودان ئەگەر دەسکاریی بەرکەوتی میسری کرد, کەئەمە کارێکە ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوەو بەدوریش دەزانرێ, بڕێکی وای چنگ ناکەوێ کەگرفتەکەی پێ چارەسەر بکرێ. پاشەکەوت کردنی ئاویش, ئەگەرچی کارێکی شیاوو لەتوانا دایە, بەڵام زۆربەی مەزەندەکارییەکان وای بۆ دەچن کەئەوەی سودان لەم روەوە چنگی دەکەوێ لە ۱۰ ملیار م$^3$ کەمترەو لەم سەروبەندەدا ئێستا سودان خەریکی سود وەرگرتنە لەچەند پرۆژەیەك بۆ زیادکردنی توانای پاشەکەوت کردنی ئاوو دامەزراندنی هەندێ پرۆژەی تر بۆ پاشەکەوت کردنی بڕێکی زۆری ئاوو لەم بوارەدا چەند هەنگاوێك لەجێبەجێ کردن دان بەڕێوەن لەوانە:

-بڵندکردنی دیواری بەنداوی روسیرس بۆ زیادکردنی توانای پاشەکەوت کردنی ئاو لە ۳ ملیارەوە بۆ ۷,۷ ملیار م$^3$ بۆ چاندنی روبەرێکی نیو ملیۆن فەدانی.

-دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ لەچیاکانی نوبە بۆ پاشەکەوت کردنی ۷ ملیار م$^3$ .هەندێ لەلێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەئەم پرۆژانە لێیان رادەبینرێ بڕێك ئاو کە لەخودی بەرکەوتی سودان لەئاوی نیل زیاترە, بۆ سودان دابین بکەن[19].

سودان بۆ دابین کردنی ئەمنی خۆراك‌و خۆبژێویی خۆی هیچ ڕێگا یەکی جگە لەپەرەپێدانی کشتوکاڵ لەپێش دا نیە, لەم سۆنگەیەوە سیاسەتی پەرەپێدانی کشتوکاڵ بە بەردەوامی خەرتوم هان دەدا هانا بەرێتە بەر پاشەکەوت کردنی ئاو بۆ زیادکردنی روبەری چێنراو, بەتایبەتی کەزیادبونی ژمارەی دانیشتوان‌و پەرەسەندنی ئاستی شارستانیی وڵات پێویستی بەبڕێکی زۆرتری ئاو هەیە. لەم روەوە ساڵی ۱۹۹۲ حکومەتی سودان دەستپێکردنی پرۆژەی هەڵبەستنی دو جۆگەکەی کنانەو رەهدی راگەیاند کەپرۆژەیە کە ئامانجەکەی زیادکردنی روبەری بەراوەو لەم سەروبەندەدا بڕیار وایە جۆگەی کنانە دەوروبەری ۱۲۵ ملیۆن فەدان ئاو بداو جۆگەی رەهد ۵۵۰ هەزار فەدان[20]. بایەخی ئاو بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەوڵاتێکی وەك سوداندا لەوەدا دەردەکەوێ کە لەساڵی ۱۹۹۲- ۱۹۹۳ دا ڕێژەی ۹۹٪ ی ئاو بۆ کشتوکاڵ بەکار هاتووەو تەنها ۱٪ بۆ کاروباری ناومالآن‌و هیچ بۆ پیشەسازی[21].

بەڵام سودان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ ناتوانێ تەنها پشت بەئاودێری ببەستێ بەڵکو دەبێ لەچاندنی هەندێ بەروبوم دا پشت بەبارانیش ببەستێ بەتایبەتی کەبڕێکی زۆر باران لەسودان دەبارێو لەم روەوە زیاد لە ١٢٠٠ ملم/ساڵ لەناو چەکانی با شوری سودان کەدەکەونە سەر کەمەرەی زەوی دەبارێ[٢٢].

لێرە مەسەلەیەکی گرنگ کەپەیوەندیی بەپەرەپێدانی کشتوکاڵو بڕی داهاتی ئاوەوە هەیەو دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ، مەسەلەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانە. لەگەڵ زیادبونی دانیشتواندا سودان پێویستی بەکشتوکاڵێکی زۆرترو بڕێکی زۆرتری ئاو دەبێو لەم سۆنگەیەوە لەساڵانێکی داهاتودا سودان هەم بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ پێویستی بەبڕێکی زۆرتری ئاو دەبێ هەم بۆ ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتوانو بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێ بەرکەوتی یەك کەس لەئاو لەماوەی ساڵانی داهاتودا لەوەی ئێستا کەمتر بێ.

ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی دانیشتوانی سودان نزیکەی ٣٣ملیۆن کەس بوو ومەزەندەکارییە دیموگرافییەکان وای بۆ دەچن کەبەپێی ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ٢,٥٪، ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٠دا دەگاتە ٤٢ ملیۆن، لەساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە نزیکەی ٥٣ ملیۆنو لەساڵی ٢٠٣٠ دەگاتە نزیکەی ٦٤,٥ ملیۆن کەسو ئەگەر بەپێی ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ٣,٨٪ بۆی بچین ئەوە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٣٠دا دەگاتە نزیکەی ٧٥,٥ ملیۆن کەس[٢٣].

بەم پێیە، بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس ساڵ بەساڵ بەهۆی سنورداریی بڕی ئاوو زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەوە، دەیدا لەکزی. لەم سەروبەندەدا لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٩٠دا هەر یەك کەس لەسودان ٤٧٩٢م$^3$ ئاوی بەر دەکەوت، ئەم بەرکەوتە لەساڵی ٢٠٠٠دا دابەزییە ئاستی ٢٨٤٣م$^3$و پێشبینی دەکرێ بۆ ساڵی ٢٠٢٥ هەر یەك کەس تەنها ١٩٩٣م$^3$ ئاوی بەرکەوێ[٢٤].

خشتەی ژمارە٣

بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس لەمیسرو سودان لەساڵانی ١٩٩٠، ٢٠٠٠و ٢٠٢٥

| وڵات | بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس(م$^3$/ساڵ) |
| --- | --- |

| | ١٩٩٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢٥ |
| --- | --- | --- | --- |
| میسر | ١١٢٣ | ٩٣٤ | ٦٣٠ |
| سودان | ٤٧٩٢ | ٣٩٣٢ | ١٩٩٣ |

سەرچاوە: جان خوری، المصدر السابق.

**خشتەی ژمارە ٤**

**بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری جیاجیا لەمیسرو سودان**

**لەساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣**

| وڵات | کشتوکاڵ ٪ | ناومالآن ٪ | پیشەسازی ٪ |
| --- | --- | --- | --- |
| میسر | ٨٨ | ٧ | ٥ |
| سودان | ٩٩ | ١ | - |

سەرچاوە: معهد المصادر المائیە(١٩٩٢-١٩٩٣).

**خشتەی ژمارە ٥**

**داهاتی نائاسایی ئاو لەمیسرو سودان(ملیۆن م٣)**

| [illegible] | ١٩٨٦ | ١٩٩٦ |
| --- | --- | --- |

| | شیرین کردنی ئاوی سوێر | خاوێن کردنەوەی ئاوی زێرابەکان | شیرین کردنی ئاوی سوێر | خاوێن کردنەوەی ئاوی زێرابەکان | خاوێن کردنەوەی ئاوی پاشەڕۆی کشتوکاڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| میسر | - | ١٤٦ | ١٩ | ٢٠٠ | ٤٣٠٠ |
| سودان | - | - | ٠,٤ | - | - |

سەرچاوە: عبدالله عرعر، الاساليب والطرق الكفيلة بتر شيد ا ستخدام المـ ياه في الزراعة العربية، ورقة مقدمة الى اللقاء القومي لمسؤولي قـ طاع الزرا عة وا لـري في الوطن العربي، المنظمة العربية للتنمية العربية، القاهرة، ١٩٩٦.

## قەیرانی ئاو لەحەوزی نیل و دوراییە ئایندەییەکانی

بنەڕەتی کێشە ئاوییەکانی نێوان میسرو سودان لەوەدایە کە هەردو وڵات پێویستیان بەئاوەو ئەو پێویستییە تا دێ دژوار ـتر دە ـبێ. ـبۆ میـ سر، نـ یل گرنگییەکی ستراتیجیی هەیە چونکە ما ـنەوەی میـ سر، وەك کۆ مەڵو وەك دەوڵەت، دەوەستێتە سەر داهاتی ئاوی نیل. لەم سۆنگەیەوە میـ سر لەمـ ـێژە سەرگەرمی دەستەبەرکردنی ئاوی نیلە، چ ـلەڕێی دیپلۆما سیو ڕێو شوێنی یاساییو سیاسیو مۆرکردنی پەیمانەوە، چ لەڕێی ـبەکارهێنانی زە ـبروزەنگو ـکاری زۆرداره ـکیو ـلەم سۆنگەیەوە میـ سر چەندان ڕێککەوتننا مەی مۆرکردوە لەوانە[٢٥]:

١-پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٨٩١ی رۆما لەنێوان بریتانیاو ئیتالیا سەبارەت بەدیاریکردنی سنوری نێوان ئەرتریاو سودان کەحکومەتی ئیتالیا تێیدا بەڵێنی دا هیچ کارێك ناکا کاریگەریی خراپی لەسەر بڕی ئاوی نیل هەبێ.

٢-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٠٢ی ئەدیس ئەبابا لەنێوان بریتانیاو ئەسیوپیا کەتێیدا ئەسیوپیا بەڵێنیدا کەسەربەخۆو بەبێ رێک کەوتن لەگەڵ هەردو حکومەتەکەی بریتانیاو سودان هیچ کارێك ناکا کەکاریگەریی خراپی لەسەر بڕی ئاوی نیل هەبێ.

٣-پەیمانی ساڵی ١٩٠٦ی لەندەن لەنێوان بریتانیاو بەلژیك لەباتی کۆنگۆ کەتێیدا حکومەتی کۆنگۆ بەڵێنی دا بەبێ رێک کەوتن لەگەڵ حکومەتی سوداندا هیچ کارێك کەببێتە مایەی کەمکردنەوەی بڕی ئاوی نیل ئەنجام نادا.

٤-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٠٦ی نێوان بریتانیاو فەرەنسا کەباس لەیەکپارچەیی ئەسیوپیاو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاو میسر لەحەوزی نیل دەکا.

٥-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٥ی رۆما لەنێوان بریتانیاو ئیتالیا کەتێیدا ئیتالیا بەڵێنی داوە کەنابێتە هۆی کەمکردنەوەی قەوارەی ئاوی نیل.

٦-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٩ی نێوان میسرو بریتانیا لەباتی سودان لەلایەك و نێوان ئۆگەندەو کینیاو تانزانیا لەلایەکی ترەوە کەتێیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کەهیچ لایەنێك بەبێ رەزامەندیی میسر بۆی نیە هیچ کارێك بکا کەببێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییە ئاوییەکانی میسر.

٧-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٧ی نێوان میسرو بریتانیا، بەو پێیەی کەهەردوکیان هەڵسوڕێنەری کاروباری سودانن، سەبارەت بەدانانی پرۆژەی ئەنباری ئاوی چیای ئەولیا.

٨-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٣ی نێوان میسرو ئۆگەندە کەتێیدا میسر رەزامەندیی نیشان داوە لەسەر دروست کردنی بەنداوێك لەسەر تاڤگەکانی ئۆین لە دەریاچەی ڤیکتۆریا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆ ئۆگەندە.

٩-رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩ی نێوان میسرو سودان.

١٠- رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٣ی نێوان هەمو دەوڵەتانی حەوزی نیل بۆ دابین کردنی هەماهەنگی و راوێژ لەکاتی دامەزراندنی هەر پرۆژەیەکی

ئاوی لەحەوزی روبارەکەدا. ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێکخراوی(ئەندۆگۆ))ی لێ کەوتەوە کەهەمو دەوڵەتانی حەوزی نیل ئەندامن تێیدا.

هەمو ئەم ڕێککەوتنە مۆرکراوانە لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەمنی میسر خۆی لەئەمنی نیلدا دەبینێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەساتو سەودا بەدەرە. بۆ میسر مەسەلە ئەمنییە کە دو دوراییی هەیە کە یەکێکیان پەیوەندیی بەپەرەپێدانەوە هەیەو لەم روانگەیەوە دوراییەکی ناوخۆییی هەیەو ئەوی تر پەیوەندیی بەسیاسەتی دەرەوە هەیەو لەم روانگەیەوە دوراییەکی دەرەکیی هەیە.

مایەی مشتومڕ نیە کەمیسر بەبێ نیل ناتوانێ بەرهەمی کشتوکاڵ بێنێتە دیو لەم دیدەوە دەردەکەوێ کەئامانجی کشتوکاڵ بەدەست هێنانی بەربومێکی کشتوکاڵییە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیی خۆراك بۆ دانیشتوان. بەڵام میسر لەژێر گوشاری زیادبونی ژمارەی دانیشتواندا، پێویستی بەروبەرێکی فراوانتر بۆ چاندن هەیەو روبەری فراوانتریش پێویستی بەبڕێکی زۆرتری ئاو هەیە. لەم سۆنگەیەوە لەمەسەلەی پەرەپێدانیکشتوکاڵدا ئاو رۆڵێکی فرە گرنگ دەگێڕێ.

هەندێ لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کەک شتوکاڵ لەمیسر لەماوەی نێوان ١٩٨٩-١٩٩٤دا ساڵانە دەوروبەری ٤٣,٩ ملیار م[٣] ئاوی بۆ ئاودێریی کێڵگەکان پێویست بوەو هەندێ لەسەرچاوەکانی پەرلەمانی میسر وایان داناوە کەمیسر لەساڵی ١٩٨١-١٩٨٢دا پێویستی بەدەوروبەری ٤٨,٤ ملیار م[٣] ئاو بوە بۆ ئاودێریو ئەم بڕە لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢دا گەیشتە نزیکەی ٥٠ملیار م[٣] [٢٦].

بەم پێیە، یەکێ لەسیاسەتە بەردەوامەکانی میسر فراوان کردنی روبەری کشتوکاڵە هەم بۆ دابین کردنی خۆراکێکی زۆرتر بۆ دانیشتوان هەم بۆ کەم کردنەوەی گوشار لەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵییەی کەهەیە. دەشێ لەو گۆشە نیگایەشەوە سەیری کەرتی کشتوکاڵ بکرێ کە کەرتێکە هەلی کار بۆ دەوروبەری ٣٣٪ی دەستی کارکەری میسر دابین دەکا، بەرێژەی نزیکەی ٣٠٪ بەشداری لەناردنە دەرەوەی کاڵا دەکاو بە رێژەی نزیکەی٢٠٪ دەستی هەیە لەپێکەوەنانی بەرهەمی خۆماڵیدا[٢٧].

لەم روانگەیەوە، سودان بۆ میسر بایەخێکی ستراتیجیی هەیە چونکە جگە لەوەی کەمیسر بەهۆی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩وە داهاتێکی زۆری ئاوی

نیلی بۆ خۆی مسۆگەر کردوە، سودان ئەو ولاتەیە کەئاو بۆ میسر پا شەکەوت دەکاو لەم روەوە دەشێ ئاماژە بۆ دو پرۆژە بکرێ کەبریتین لەبە نداوی چیای ئەولیاو پرۆژەی نۆکەندی گۆنگلی.

بەنداوی چیای ئەولیا لەساڵی ۱۹۳۷دا لەسەر نیلی سپی درو ست کراو ئامانجەکەی دابین کردنی ئاوە بۆ کشتوکاڵی هاوینەی میسر، تا ساڵی ۱۹۵۷ میسر سودی لەو ئاوە پاشەکەوتکراوە وەردەگرت بەڵام پاش درو ست کرد نی بەنداوی ئەسوان، میسر بەنداوە کەی بۆ سودان هێ شتەوە. ج ێی سەرنجە کەبەنداوەکەی چیای ئەولیا نزیکەی ۳ ملیار م[۳] ئاو پا شەکەوت دە کا بەڵام بەهۆی بەهەڵمبونەوە تەنها سود لە۲ ملیار مەتر سێ جای وەردەگیرێ[۲۸].

لەم روەوە یەکێ لەدیارترین پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان میسرو سودان بۆ پاشەکەوت کردنی ئاو پرۆژەی نۆکەندی گۆنگلییە کەبریتی یە لەنۆکە ندێك بەدرێژی ۳٦۰کلم لەرێژگەی روباری سوباتەوە لەنزیك شاری ملکا لەوە تا شاری بۆر لەباشوری سودانو ئامانجەکەی سود وەرگرت نە لەو ئاوەی کە لەناوچەی زۆنگاوەکاندا بەفیڕۆ دەچێو وبڕەکەی ساڵانە خۆی لەقەرەی ٤ملیار م[۳] دەداو نیاز وابو ئەم بڕە ئاوە نیواونیو لەنێوان میسرو سوداندا دا بەش ب کرێ بەڵام هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ لەباشوری سودان‌دا پەکی پرۆژە کەی خ ست[۲۹]. بەڵام بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە بیرۆکەیەکی کۆنەو بۆ ساڵی ۱۸۹۸ دەگەڕێ تەوە، کاتێك بیر لەوە کرایەوە کە رێو شوێنێك بدۆزرێ تەوە بۆ کەم کرد نەوەی بەفیڕۆچونی ئاو[۳۰] . پێشنیاری دروست کردنی نۆکەندی گۆنگلی وەك بە شێك لە((پرۆژەی ئاوی سەدەی بیستەم))لە ساڵی ۱۹۳٦دا بە شێوەیەکی رە سمی پێشکەش کرا بەو مەبەستەی کەلەرەوتی پەرەسەندندا یەو ئاکا مە ب گات کەدەریاچەکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا بکرێن بە ئەنباری پاشەکەوت کردنی ئاو بۆ رێکخستنی

بریتانیا دینەمۆی ئەم پرۆژەیە بوو بەڵام پاش کزبونی دە سەڵاتی لە ئەفریقیاو بونی سودان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ لەساڵی ۱۹٦۱دا، دەستی لەمە سەلەکە کێشایەوەو وازی لێ هێنا. ساڵی ۱۹٦۹ بیرۆکەی پرۆژەکە زیندو کرایەوەو دواتر لەساڵی ۱۹۷٤دا هەردوو حکومەتەکەی میسرو سودان بەرەسمی رازی بون دەست بەپرۆژەکە بکرێ[۳۱]. بەڵام پرۆژەکە بەئەنجام نەگەی شت چونکە شەڕی ناوخۆی سودان تەگەرەی لێ دا.

دژواریی مەسەلەکە لەوە دانیە کە لەپەرەپێداندا وڵاتانی حەوزی رو باری نیل پشت بەروبارەکە دەبەستن‌و لەم روەوە قەیرانی دابەشکردنی ئاوی رو باری نیل وەك ململانێیەك بۆ فەراهەم کرد نی زۆر ترین بڕی پێداوی ستییەکانی پەرەپێدان دێتە پێش چاو.

لەپۆلین کردنی میسرو سوداندا، هەر یەك لەمیسرو سودان بەر یەکێ لەو حەوت گروپە دەکەون کەباری ئاوییان لەیەکتری جیاوازە. میسر بەر گرو پی یەکەم دەکەوێ کەزیاد لە٥٠٪ی سەرجەم سەرچاوەی ئاوی ساڵانەی تازەوەبوو بەکار دێنن‌و ناوچەکەیان بەهەمو پێوانەیەك بەناوچەی فرە کەم ئاو لەقە ڵەم دەدرێ، لەکاتێکدا سودان بەر گروپی دووەم دەکەوێ کە ئەو وڵاتا نەی لەخۆ گرتوە کەپێویستە پەرە بەرێوشوێنی بەکارهێنانی ئاو بدەن تا بتوانن لەئایندەدا پێویستییان بۆ ئاو چارەسەر بکەن. وڵاتانی ئەم گروپە لەبارێ کدان کەتیا یدا بەرهەم هێنانی خۆراك لەبار نیە بەڵام ئەوە ندە سەر چاوەی ئاو یان هە یە کەدەتوانن بە سەرمایەگوزارییەکی بەجێ‌و رێی ئابوری ییەوە گەشەی پێ بدرێ[32].

بەم پێیە گێروگرفتی سودان، یاخود بە شێك لەگێروگرفتە کەی، لەوەدا یە کەمیسر بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٥٩ بۆتە هۆی ئەوەی کەبڕێك ئاو بەر سودان بکەوێ کەهەم کەمترە لەپێداویستییەکانی سودان‌و هەم لەئایندەدا تەنگوچەڵەمە بۆ پەرەپێدانی سودان دەنێتەوە.

گێروگرفتی سودان خۆی لەوە دەنوێنێ کەئەم وڵا تە لە بەر چەندین هۆ بەزەحمەت خۆراکی پێ دێتە بەرهەم‌و لەم بوارەدا بەر هەم هێ نانی خۆراك لەساڵی ١٩٩٠دا بەرێژەی نزیکەی ٣٤٪ کەمتر بوو لەوەی لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧١دا هاتۆتە دی‌و پاشان لەساڵی١٩٩٣ نەختێك چاکبونەوەی بەخۆوە بینی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەم هێنانی خۆراك هەر لەئاستێکی نزم دایە[33].

لەم سۆنگەیەوە، سودان لەسیا سەتی خۆ یدا ئەوەی لەبەر چاو دا ناوە کەهەوڵی زیادکردنی داهاتی نیل بکا، ئەگەر چی زۆر بەی پڕۆژە کانی لەم بارەیەوە بەهۆی هەلومەرجی ناوخۆی وڵاتەوە لەکار کەوتون. بەڵام ئەوەی تائێستا کراوە یاخود دەستی پێ کراوە، چەند پڕۆژەیەکە لەوانە:

خشتەی ژمارە ٦

**تەرازوی ئاو لەسوداندا و هەندێ پێشبینی**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان (بەملیۆن) | داهاتی ئاو (ملیار م٣) | | | | بەکارهێنانی ئاو (ملیار م٣) | | | | کەلێنی ئاو (ملیار م٣) | بەرکەوتی یەك کەس (م٣/ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرزەوی | ژێر زەوی | سەرجەم | تازەوە بووە% | ماڵان | پیشەسازی | ئاودێری | سەرجەم | | |
| ١٩٩٠ | ٢٥ | ٢١,٨ | ٠,٣ | ٢٢,١ | ٩٨ | ٠,٥٣ | ٠,١١ | ١٥,٨٣ | ١٦,٤٧ | ٥,٦+ | ٨٩٢ |
| ٢٠٠٠ | ٣٣ | ٢٣,٨ | ٠,٥ | ٢٤,٣ | ٩٨ | ٠,٨٣ | ٠,١٧ | ٢٠,٥ | ٢١,٥ | ٢,٨+ | ٧٣٦ |
| ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٣,٨ | ٠,٥ | ٢٤,٣ | ٩٨ | ١,٥٦ | ٠,٣١ | ٣٢,١٧ | ٣٤,٠٤ | -٩,٧٤ | ٤٤٢ |
| ٢٠٥١ | ١٠٢ | ٢٣,٨ | ٠,٥ | ٢٤,٣ | ٩٨ | ٢,٥١ | ٠,٥ | ٤٧,١ | ٥٠,١١ | -٢٥,٨ | ٢٠٢ |

سەرچاوە: سامر مخيمر وخالد حجازي، ازمة المياه في المنطقة العربية: الحقائق والبدائل الممكنة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ١٩٩٦، ص٥١.

١-بەنداوی سەننار کە یەکەم پڕۆژەی پاشەکەوت کردنی هەمیشەیی ئاوە لەسەر روباری نیل.

٢-بەنداوی چیای ئەولیا کە لە ساڵی ١٩٥٧ ەوە سودان سودی لێ وەردەگرێ.

٣- بەنداوی روسیرس کە لەساڵی ١٩٦٤ لەسەر نیلی شین درو ست کراو ئێستا ٧ ملیار م$^٣$ ئاو پاشەکەوت دەکا.

٤-بەنداوی خەشمی قربە کەساڵی ١٩٦٤ لەسەر چەمی عەتبەرە درو ست کراو نزیکەی ١,٢ ملیار م$^٣$ ئاو پاشەکەوت دەکا.

٥- پڕۆژەی نۆکەندی گۆنگلی کە ٦٥٪ی تەواو بوەو لەناوەڕا ستی هەشتاکانەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە پەکی کەوتوە[٣٤]

بەر لەوەی سودان بەسەختی دوچاری گرفتی وشکاتی ببێ, دەیتوانی بەپشت بەستن بەکشتوکاڵی دێم خۆ بژێویی خۆی لە بەروبومدا بێنێ تە دی بەڵام وشکاتیو زیادبونی روبەری چێنراو وای کرد ئەم وڵاتە پێوی ستی بەبڕێکی زۆرتری ئاو ببێ. لەگەڵ تەواوبونی ئەو پڕۆژانەی ئاودێری کە لەقۆناغی جێبەجێ کردن دان, سودان پێویستی بە ١٩ ملیار م$^٣$ ئاو دەبێ, جگە لەوەی کەپڕۆژە کشتوکاڵییە پێشنیارکراوەکانیش ١١ ملیار م$^٣$ ئاوی تریان پێوی ستە. ئەمەش مایەی ئەوەیە کەسودان بەدوای سەر چاوەی تری ئاودا بگەڕێو بەفیڕۆچون کەم بکاتەوەو ئاستی کارامەیی رایەڵەکانی ئاودێران پەرە پێ بداو بەم پێیە, خەریکە سودان دوچاری دۆخێکی شلۆق دەبێتەوە چونکە ئەگەر بڕیاری لەسەر جێبەجێ کردنی پلانە ئابورییە دانراوەکە بدا, پڕاوپڕ پێویستی بە ٥٠ ملیار م$^٣$ دەبێ[٣٥].

بەدەر لەهەمو ئەمانە, زۆربەی دەوڵەتانی حەوزی نیل, لەوانە سودان, لەسیاسەتی میسر خانەگومانن و وا سەیری میسر دەکەن کەدەوڵەتێ کە بەرژەوەندیی لەوەدایە کەئەفریقیا بەدواکەوتویی بمێنێتەوەو سیاسەتێك لەبواری ئاودا پەیڕەو دەکا کەتەنها دورایییەکی فراوانخوازانەی هەیە. مایەی تێڕامانە کە لەکاتی دروست کردنی بەنداوی روسیرس لە سودان, قەیرانێکی دژوار لەنێوان میسرو سودان سەری هەڵدا چونکە میسرییەکان نارەزایی یەکی زۆریان بەرامبەر بەدروست کردنی بەنداوەکە دەربڕیکە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر پاشەکەوت کردنی ئاو لەبەنداوی ئەسوان هەبوە بەڵام سودان پێی

داگرت و گوێی بەنارەزایی میسر نەدا. بە هەمان پ ێودانگ, ئە سیوپیاش بەگومانەوە دەڕوانێتە هەڵپەی میسر بۆ دابین کردنی بەرکەوتی خۆی لەئاوی نیل، دەکرێ لەم روەوە ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دۆند یەمینە لیبد حەفوت بکرێ کە لەکتێبەکەیدا ((چاوتێبڕینە فراوانخوازییەکانی می سر لەدەریا چەی تا ناو نی لی شین)) سەرنج بۆ پێوی ستی بەرپەر چدانەوەی سیا سەتی فراوانخوازی میسر لەئەفریقیا رادەکێشی[٣٦]. هەر لەو سەروبەندەدا هە ندێ لەدەوڵەتانی حەوزی نیل، بەگومانەوە دەڕواننە ئەو رێککەوتننامە ئاوییا نەی کە لەگەڵ می سردا مۆر کراونو هە ندێکیان داوا یان کردوە چاو بەو رێککەوتننا مە ناهاو سەنگانە بخ شێنرێتەوە کەزۆر بەی هەرە زۆری لەبەرژەوە ندیی می سردایە بە شێوەیەکی سەرەکی، لەوا نە تانزان یا کەساڵی١٩٨٩ داوای پێداچونەوەی رێککەوتننامەکانی کرد بەو پێیەی کە ئەو رێککەوتننامانە زادەو پاشماوەی قۆناغی کۆلۆنیالیزمن[٣٧].

مەسەلەکە تەنها بەوە دانەکەوتوە کەدەو ڵەتانی حەوزی ن یل لەمی سر خانەگومانن، بەڵکو گەیشتۆتە ئەو رادە یەی کە بەدگومانییە کە تێ کەڵ بەکێشە ناوخۆیییەکان بوە. لەم بوارەشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەئەو بەد گومانییە پەککەوتنی هەندێ پرۆژەی گرن گی لێ کەو تەوە لەوا نە پرۆژەی نۆکەندی گۆنگلی. ساڵی ١٩٧٤ ناو چەکانی هەرێمی با شوری سودان خۆپیشاندانێکی زۆریان لەدژی پرۆژەی گۆنگلی بەخۆوە بی نی چونکە خۆپیشاندەرەکان لەمەرا مەکانی پرۆژە کە بەگومان بونو وا یان دا نابوو کەپرۆژەکە وشك کردنەوەی زۆنگاوە کانو فەوتانی لەوەڕگاکانو نی شتەجێ کردنی جوتیارە میسرییەکانی لێ دەکەوێتەوەو ئەوەی کاتی خۆی بە سەر نوبییەکاندا هاتووە، کاتێك بەهۆی دروست کردنی بەنداوی ئەسوانەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوت، نابێ جارێکی تر دوبارە ببێتەوە[٣٨].

لەم سەروبەندەدا ئەسیوپیا لایەنێکی تری گرژ یی ناو چەکە پێ کدێنێ. گرنگیی ئەسیوپیا لەکێشەی ئاودا لەوەدایە کەبڕی ئەو ئاوەی لەئە سیوپیاوە دێ ٨٥٪ی سەرجەمی ئەو ئاوە پێکدێنێ کە لەدەوڵەتانی تری حەوزە کە بۆ میسرو سودان دەچێ. ئەگەرچی رێککەوتننا مەی ساڵی ١٩٠٢ کە لەنێوان بریتانیاو ئەسیوپیا مۆر کراوە، ئەسیوپیا بەوە پابەند دەکا کەبۆی ن یە هیچ کارێك لەسەر نیلی شینو دەریاچەی تاناو چەمی سوبات بکا کەببێ تە هۆی کەمکردنەوەی ئاوی روباری ن یل، بەڵام هە ندێ لەناوە ندە سیا سییەکانی

ئەسیوپیا داوا کارن ئە سیوپیا خۆی لەم ریککەوتننامە یە راپ سکێنیو فەرامۆشی بکات لەو روانگەیەوە کەئەو ریککەوتننامەیە بەشێکە لەمیراتی کۆلۆنیالیزم[39]. لەم روەوە وردبونەوە لەهەلۆیستی ئەسیوپیا لەکاتی بە ستنی سیمیناری سالی ١٩٨٦ی ولاتانی حەوزی نیل لەبانگۆك، دژوار یی کێ شەکە دەردەخا، چونکە لەو سیمینارەدا ئەسیوپیا تاکە دەولەت بوو کەرازی نەبو راسپاردەکانی سەبارەت بەپێویستیی دابەشکردنی داهاتی ئاوی ن یل بەپێی پێداویستییەکانی هەر ولاتێ کی حەوزە کە پە سند ب کا[40]، ج گە لەوەی کەئە سیوپیا دان بەریککەوتننا مەی سالی ١٩٥٩ی ن ێوان مێ سرو سوداندا نانێ.

ئەسیوپیا جگە لەوەی کەمافی خۆیەتی پەرەپێدانی خۆی م سۆگەر ب کا، چەند سالێکە دوچاری وشکاتی هاتووەو هیچ رێگەیەکی ج گە لەپەرەپ ێدانی کشتوکال لەبەردەمدا نیە. وشکاتی بێ لەوەی کەکارە ساتێکی سرو شتیی سامناکە، دەستێکی بالاشی هەبوە لە گۆرانکارییە سیا سییەکانی ناوخۆی ئەسیوپیاو دەشێ لەو روەوە ئاماژە بەوە بدرێ کەوشکە سالی ١٩٧٢ دە ستی هەبو لەروخاندنی رژێمی ئیمپراتۆر هیلاسی لا سیو و شکە سالی ١٩٨٤-١٩٨٥ دەستی هەبو لەهەرەسهێنانی رژێمی مەنگستۆ مریام[41].

بۆ میسر پرۆژەکانی پەرەپێدانی کشتوکال لەئەسیوپیا ما یەی نی گەرانین چونکە ئەو پرۆژانە دەبنە هۆی کەم کردنەوەی ئاوی نیلی شین کە لەئە سیوپیا هەلدەقولێو بری ئاوەکەی لەسەر سنوری سودان- ئەسیوپیا بە٥٠ مل یار م$^3$ مەزەندە دەکرێ. ئەوەش مایەی تێرامانە لەکاتی وشکە سالدا کات ێك باران لەبانی ئەسیوپیا نەباری، ئاستی ئاوی دەریاچەی ناسر لەمیسر ١٥٠م دابەزیو ئەمەش خراپ کاری کردە سەر کەرتی ک شتوکال، بەتای بەتی چاندنی لۆکەو میوە.

لەو بارودۆخەداو بەهۆی هەلپەی هەمو لایەك بۆ پەرەپ ێدانی ک شتوکالو لەسۆنگەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەوەو پێویستیی تەرخان کردنی برێ کی زۆرتری ئاو بۆ کاروباری ناومالانو پیشەسازی، پێنا چێ دەر فەتێکی لەبار، بەتای بەتی لەنێوان مێ سرو سودانو ئە سیوپیا، بۆ خە فەبونی کێشەکان بێتە ئاراوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

[1] الدكتور محمود الاشرم, اقتصاديات المياه في الوطن العربي والعالم, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت, ٢٠٠١, ص ٢٦٤.

[2-] **Wolf, Aaron T. Middle East Water Confliects and Directions of Conflict Resolution, Washington, D.C: International Food Research Institute (IFPRI) , 1996.**

[3] الدكتور محمود الاشرم, المصدر السابق, ص ٢٦٤.

[4] ايمن السيد عبدالوهاب, مياه النيل مدخل لدعم العلاقات المصرية- السودانية, مجـلة السياسة الدولية, العدد ١٤٣, يناير ٢٠٠١, ص ٨٧.

[5] هەمان سەرچاوە, ل ٨٧.

[6] الدكتور محمود الاشرم, المصدر السابق, ص ٢٦٥- ٢٦٦.

[7] جي . أ. الن و شبلي ملاط, المياه في الشرق الاوسط, ترجمة محمد اسامة القوتلي, منشورات وزارة الثقافة, دمشق, ١٩٩٧, ص ١٠٢.

**Wolf, Ibid.**

**R. Krishma, "The Legal Regime of the Nile River Basin," in: Joyce R. Starr and Daniel C. Stoll, eds., The Politics of Scarcity: Water in the Middle East, Westview Special Studies on the Middle East (Boulder, CO: Westview Press 1988).**

[10] د. احمد يوسف احمد, سياسة مصر الخارجية في عالم متغير, مركز البحوث والدرا سات الاستراتيجية, القاهرة, ١٩٩٠, ص ١٩.

[11] هەمان سەرچاوەی پێشو.

[12] ايمن السيد عبدالوهاب, المصدر السابق, ص ٩٠.

[13] واثق رسول آغا, الموارد المائية المتاحة والمسألة المائية في الوطن العربي, ورقة مقدمة الى الندوة البرلمانية العربية الخامسة حول المياه العربية, دمشق ١٩٩٨.

[14] جان خوري, دور العمل العربي المشترك في الحفاظ على الحقوق المائية العربية, ورقة قدمت الى الندوة البرلمانية العربية الخامسة حول المياه, دمشق, ١٩٩٨.

[15] مجلة ((المهندسين)) المصرية, العدد ٥٢٨, آذار ٢٠٠٠, ص ١٩.

[16] د. احمد فاضل, اهمية التركيبات الصحية والتوصيلات في عدم اهدار الناتج عن سوء الاستخدام للمياه, سلسلة مجلة المحليات, الهيئة العامة للا ستعلامات, ١٩٩٩, الـ عدد الخامس, ص ٩.

[17] عبدالله عرعر, الاساليب والطرق الكفيلة بترشيد استخدام المياه في الزراعة العربية, ورقة قدمت الى اللقاء القومي لمسؤولي قطاع الزراعة والري في الوطن العربي, المنظمة العربية للتنمية الزراعية, القاهرة, ١٩٩٦.

[18] ايمن السيد عبدالوهاب, المصدر السابق, ص ٩١.

[19] د. رشدي سعيد, الحقيقة والوهم في الواقع المصري, دار ا لهلال, الـ قاهرة, ١٩٩٧, ص ١٦٣- ١٦٤.

[20] ايمن السيد عبدالوهاب, المصدر السابق, ص ٩٢.

[21] الدكتور محمود الاشرم, المصدر السابق, ص ١٢٠. وەرگیراوە لەئامۆژگای سەرچاوەکانی ئاو (١٩٩٢- ١٩٩٣).
[22] ابراهيم احمد مكي, الموارد المائية العربية وضرورة ترشيد استخداماتها, مجلة الزرا عة والتنمية, المنظمة العربية للتنمية الزراعية, السنة ١٢, العدد ٢, ١٩٨٦.
[23] واثق رسول اغا، المصدر السابق.
[24] جان خوري، المصدر السابق.
[25] الدكتور منذر خدام، الامن المائي العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص١٢١-١٢٣.
[26] الدكتور منذر خدام، المصدر السابق، ص٨٣.
[27] الاهرام الاقتصادي(٢٥/١١/١٩٩٦)، ص١٩.
[28] الدكتور منذر خدام، المصدر السابق، ص١٢٠.
[29] عايدة العلي سري الدين، السودان والنيل، منشورات دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٩٨، ص١٣.
[30] د. محمد عبدالغني سعودي، قناة جونجلي: لماذا؟ واين؟، مجلة السياسة الدول ية، ال عدد ١٤٣، يناير ٢٠٠١، ص٦٩.
[31] جون بولوك و عادل درويش، حروب المياه، المجلس الاعلى للثقافة، ال قاهرة، ١٩٩٩، ص١٣٧-١٣٨.
[32] دکتۆر ئومێد نوری حەمە ئەمین، دوراییی جیهانیی گیۆگرفتی ئاو، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣، ساڵی دەیەم، ٢٠٠٢، سلێمانی، ل٢٥٠-٢٥١.
[33] د. محمد السيد عبدالسلام، الامن الغذائي للوطن العربي، المجلس ا لوطني للثقا فة والفنون والاداب، الكويت، ١٩٩٨، ص٤٦.
[34] د. منذر خدام, المصدر السابق, ص ١٢٠.
[35] الدكتور نبيل السمان. حرب المياه من الفرات الى النيل, القاهرة, ص ١٢١.
[36] الدكتور نبيل السمان، المصدر السابق، ص١٢٠.
[37] د. منذر خدام، المصدر السابق، ص١٢٣.
[38] جون بولوكء عادل درويش، المصدر السابق، ص١٤٤-١٤٦.
[39] عايدة العلي سري الدين، المصدر السابق، ص١٣-١٤.
[40] الدكتور عبدالمالك خلف التميمي، المياه العربية التحدي والاستجابة، مركز درا سات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٩، ص١٦١.
[41] هەمان سەرچاوە، ل١٦٥.